# بۆ کوردیش سەرۆکێکی نەبێت؟

**نوری بێخاڵی**

من لەم وتارەدا ناپەرژێمە سەر ئەو گفتوگۆ و گەنگەشە و راگۆڕینەوە درێژخایەنانەی نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسی ( پارتی و یەکێتی) دەربارەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ، پاشان گواستنەوەی ئەم وتوێژانە بۆ مینبەری پەرلەمان تا سەرجەم حزب و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان قسەی لەسەر بکەن، ئەگەر هەر قسەیەکیش لەم بارەیەوە بکرێ ، دەبێ بگوترێ ئەم مشتومڕە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بۆ قوڵکردنەوەی دیموکراسی و زەمینەسازکردنە بۆ دیالۆگی شارستانییانە و چەمکی قبوڵکردنی جیاوازییەکان ، بەتایبەت کە یاساکە بۆ کەسێك یان لایەنێك یاخود شوێنکاتێکی دیاریکراو دانەنراوە ، بەڵکو پەیوەستە بە چارەنوسی نەتەوە و نیشتمانێك..واتە بەردەوامی پێدانی ئەم جۆرە گفتوگۆیانە لەمەڕ پێشهات و کێشە سیاسییەکان لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا، ئاماژەیەك و بگرە موژدەیەکە بۆ ئێمە کە ئیدی حزبی کوردی کۆی جیاوازییە فیکری و ئایدیۆلۆژییەکان و ململانێ سیاسییەکانی خۆی دەباتەوە سەر مێزی دانوستاندن، ئەمەش پێویستی بەدەست خۆشی لێکردنە و ئەرکی هەر کوردێکیسە کە لە هەر ئاست و شوێنێکدا بێت هانی ئەم هەڵوێستانە و قوڵکردنەوەی ئەو هەناسە دیموکراتییانە بدات و هاوکاری دەسەڵاتی سیاسی کورد بێت لە سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی ، بە تایبەتی توێژی رۆشنبیران کە لەتەك ئەو گوتارە رەخنەییەی ئاراستەی بونیادە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی دەکەن ، هاوکاتیش دیوە جوانەکانی ئەو کایانە و لە نێویاندا کایەی سیاسی دەوڵەمەندتر بکەن. نەك هوشیاری خەڵك کوێر بکەن و لەپاڵ پاساوو بیانوی وەناو مەعریفی و فیکری بەبەردەوامی کایەی سیاسی و دەسەڵات بەناشیرینی وێنا بکەن، کە ئەم باسەیان زیاتری مەبەستی ئەم نووسینەیە.

بەڕاست ئایا شەرمەزارییە نەتەوە سەرۆکێکی هەبێت؟ باشە بوونی سەرۆك چی بە نەتەوە دەبەخشێ و چی لێ دەستێنێتەوە؟ ئاخۆ هەر کەسێك بوو بە سەرۆك لەگەڵ خۆیدا دیکتاتۆریەت بەرهەم دێنێ و مەرجە هەڵگری گیانی دوژمنکارانە بێت؟ کورد لە بۆشایی نائامادەیی و نەبوونی سەرۆکدا چ سودێکی کردووە و چ زیانێکیشی لێکەوتووە؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری تر لە سەروبەندی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی هەنوکەی کوردستان و پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا رووبەڕوومان دەبنەوە، کە پێویست بەلەسەرراوەستان و لێوردبوونەوە و وەڵامدانەوە دەکەن، بەڵام بەر لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و خستنەڕووی گریمانەکان، وەك زەمینەخۆشکردن خراپ نییە ئەگەر ەند قسەیەك بکەینە دەروازە ، تا ئەگەر هیچ نەبێت لە توێی ئەم قسانەدا هەندێ سەرەداوی سەرەتایی لەمەڕ ( ترس و دڵەڕاوکێ و گومان و بێ متمانەیی) کۆمەڵگای کوردی بدۆزینەوە کە لەئاست کایەی سیاسی و دەسەڵاتی کوردیدا هەیەتی و رەهەندەکانی بخوێنینەوە، کەبەداخەوە زۆربەی جارەکان لە ساویلکەیی خۆی و بەنائاگاییەوە ، بەبێ خوێندنەوەیەکی ریالیستیانە و بەچەند پێشمەرجێکی گریمانەکراو کە زێدەتر بەرهەمی هەڵچوون و دنەدانن گوزارشت لەو حاڵەتە دەکەن، کە بەڕای من ئەم هەڵوێستە نا جێگیرەی شەقامی کوردی بە جیاوازی ئاست و ئینتماکانی بەرامبەر سەرکردایەتی و دەسەڵاتی سیاسی کورد دەرهاویشتە و رەنگدانەوەی دوو شتە: یەکەمیان باکگراوندی دۆگمای ئایدیۆلۆژی و هوشیاری و پەروەردەی سەقەتی حزبی.دووەمیان کاریگەرییە نێگەتیفکانی ئەو گوتارەی ناوی لەخۆی ناوە (گوتاری رۆشنبیری —

بێگومان ئەمە حوکمێکی رەها نییە) کەلەگەورەکردنی شت و دیاردەکان و وروژاندنی لایەنە شەڕانگێزییەکانی تاکی کورد و کارکردن لەسەر سۆز و عاتیفەی خەڵك بەولاوە، هیچ هەوڵێکی جدی بەرپرسیارانەی نەداوە بۆ ئاشتکردنەوەی (کۆمەڵگا و دەسەلآت ،خەڵك و کایەی سیاسی) ، بەم کارەیشی رۆڵێکی زۆری گێڕاوە لە بەردەوامی پێدان و هێشتنەوەی (ترس و دڵەڕاوکێ وگومان و بێ متمانەییەکانی) تاکی کورد بەرامبەر دەسەلآت و سەرکردیەتی سیاسی کورد.
لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی ئەم پێکهاتەی کەسێتی و ئەو تێگەیشتنەی تاك و کۆمەڵگا دا دەکرێ دوو دیو ببینین : یەکێکیان پەیوەستە بە خەیاڵدان و یادەوەری تاکی کورد و ئەزموونی دوورو درێژی لەگەڵ سەرۆکەکان، ئەو سەرۆکانەی لە بنەڕەتدا هی ئەو نەبوون، بەلآم بە حوکمی هۆکارگەلی (مێژوویی – سیاسی) لەماوەی هەشتا و ئەوندە ساڵەی وکمڕانی نەتەوەی سەردەست لە عیراقدا ، مەحکوم بووە بە گوێڕایەڵی و ملکەچکردن ولەژێرکارکردی بڕیارو حەتمیەتێکی جەبریدا (کە پرۆسەی داگیرکارییە) سەروەری مرۆییانەی پێشێلکراوە و لەهەرچی مافی سەرەتاییە بێبەشکراوە و ناچارکراوە کە سەرۆکی خۆش بوێت ، پێچەوانەکەیشی هەڵبژاردنی مەرگ و سوکایەتی پێکردن بووە.
ئەوەی تریان پەیوەندی بەو وەعز و تەلقیندانە ئایدیۆلۆژییە تەسکە هەیە کە لە خوێندنگاکانی حزبدا مێشکی تاکی کوردی پێ زاخاودراوە ، تەلقینێك کە لە کوێرکردنی هوشیاری و بچووککردنەوەی ئینتماکانی ئەو تاکە بترازێت شتێکی تری ئەوتۆی بەرهەم نەهێناوە، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی تاکی کورد لە ئامێزی حزبێکدا واگۆشکراوە ، نەك بەگومانەوە بڕوانێتە ئەوانەی دەرەوەی بیرکردنەوە بازنەی سیاسی خۆی ، تەنانەت کاری جدیش بکات بۆ ناشیرینکردن و کەمکردنەوە لە توانا و لێهاتوویی بەرامبەرەکانی ، تا بە کوشتنی جەستەیی بەرامبەرە جیاوازەکانی دەگات ( شەڕەکانی براکوژی پێش و پاش ڕاپەڕین باشترین و نزیکترین بەڵگەن). بەڕای من ئەمەش دەرەنجامی ئەو ڕاستییەیە کە حزبی کوردی لە بنەڕەتدا تەنها کاردانەوە و دەرهاویشتەی زوڵم و ستەمی داگیرکارییە ، نەك بەرهەمی گەشەی هوشیاری سیاسی و فیکری و مەعریفی و کۆمەلآیەتی ، بۆیەش دەبینین لەسەر ئاستی فیکر و سیاسیدا نەیتوانیوە ڕێچکە و ڕەوتێکی فیکری – سیاسی دیاریکراوی هەبێت کە پێی بناسرێتەوە ، لەسەر ئاستی ئینتما و پێگەیاندنیش نەیتوانی کاراکتەر و کادیرێك بەرهەم بهێنێت کە خودان شوناسێکی سیاسی تایبەت بێت کە لەوانی تر جیای بکاتەوە ، لەسەر ئاستی نەتەوە ئەوە نەك نەیتوانی هەڵگری گوتارێکی نەتەوەیی بێت ، بەڵکو هوشیاری نەتەوەییشی شێواند، کە هەموو ئەمانە لێرەدا جێ باسی ئێمە نین و هەوڵ دەدەین لە شوێنکاتێکی تردا لەبارەیانەوە بدوێین.
هەموو ئەمانە لەلایەك ، لەلایەکی تر دوای ڕاپەڕین گوتارێك هاتە ئارا کە هیچی لە گوتاری جیاوازی کوژی حزبی کوردی کەمترنەبوو ، بەلآم بە شوناس و شێواز و میکانیزمی ئیشکردنی جیاواز لە حزب . ئەو گوتارە بەناوی ڕۆشنبیرییەوە هات و لە پاڵ پاساوی ڕەخنەگرتن لە دەسەلآت کەم تا زۆر ..ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداربوو لە قوڵکردنەوەی گیانی ترس و فراوانکردنی پانتاییەکانی گومان و بێ متمانەیی نێوان خەڵك و کایەی سیاسی کوردی ، هەروەها ڕۆڵێکی تا ئاستێك نێگەتیفی بینی لە ناشیرینکردنی کۆی سیماکانی دەسەلآت و کائینەکانی.
ئەم گوتارە لەبری ڕەخنەی لۆژیکی و پێشکەشکردنی چارەسەری گونجاو و ئەلتەرناتیفی شیاو بۆ کێشەکان..لە جیاتی هەلآوێرکردنی دیوە جوان و ناشیرینەکانی دەسەلآت و چاکە و خراپەکانی کایەی سیاسی و هەستکردن بە لێپرسراوێتی، هەڵسا بە نانەوەی جۆرێك لە دوژمنایەتی لونێوان خەڵك و دەسەلآت و ڕووخاندنی پردەکانی متمانەی سیاسی –

کۆمەڵایەتی نێوان نەتەوە و سەرکردە و پچڕاندنی رایەڵەکان پەیوەندی نێوان تاك و حزب ، هەموو ئەوانەش بەناوی بەرگری کردن لە دیموکراسی و ئازادی، کە دواجار ئەو شەڕە پێشمەرج و بێ چەندوچوونەی خستە نێوان ئەم دوو کایەیە و تاهات بەناوی فیکرو مەعریفە (گیانی بێ متمانەیی) لە نێوانیاندا قوڵکردەوە و ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی تاکی کوردی لەم قۆناغەدا گۆڕی بۆ شەڕی حزب و خەڵك.

ئیستا کە ئەم راستییە تاڵانە دەبینین ، با بێین قسە لەسەر پرسی سەرۆکی هەرێم و رەهەندەکانی بکەین و گرنگی وبایەخەکەی لە قۆناغی ئەمڕۆی تێکۆشانی سیاسی گەلی کوردستاندا بخەینەڕوو ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو راستییە لەبیری خۆمان نەبەینەوە کە کورد نەك قۆناغی رزگاری نیشتمانی نەبڕیوە ، بەڵکو هێشتا نەمانتوانیوە دەستمان بگات بەزۆر لەو ئامانجانەی دڵنیاییمان پێدەبەخشن سەبارەت بە دۆزی رەوای نەتەوەییمان و ئایندەی سیاسی نیشتمانەکەمان.

ٍئایا بەدرێژایی مێژوو، تا بەئەمڕۆ دەگات نەتەوە هەیە خاوەنی سیمبولی سیاسی خۆی نەبووبێت و نەبێت و شانازی پێوە نەکات؟ بۆ فەڕەنسییەك شەرمی بەوە نییە سەرۆکێکی هەبێت ؟ بۆ ئەمریکیەك شانازی بەسەرۆکەکانی بکات؟ لە رۆژهەڵاتیشدا کەم نین ئەو سەرکردانەی نەتەوەکانیان شانازیان پێوە دەکەن و بوونەتە بەشێك لە مێژووی گەلەکەیان...تۆ بڵێی ئێمەی کورد لە عەقلێ و شارستانییەت و پێشکەوتنی ئەوروپا و خۆرئاوامان تێپەڕاندبێت تا لە هاتنە سەرکاری سەرۆك بترسین و پێمان شەرم بێت؟ ئەوروپایەك وڵات و نەتەوەکانی لەسەردەمی جیهانگیری و بچوکبوونەوەی دنیادا ئامادەنین دەستبەرداری تایبەتمەندی و سەروەری و شوناسەکانیان بن لە پێناو دەستورێکی یەکگرتووی ئەوروپی ، بۆ دەبێ کورد لەم قۆناغە هەستیار و چارەنوسسازەدا نەبێتە خاوەنی سەرکردەیەك کە هەڵبژێردراوی هێزو لایەنە سیاسییەکان و متمانە پێدراوی پەرلەمان و خەڵکی کوردستان بێت . کەسێك ببێتە ئەو بڵندگۆیەی گوزارشت لە نەتەوە بکات و خۆی بە هەڵگری خەون و خولیا و ئامانجەکانی گەل بزانێ نەك حزب؟ چ نەنگی و شورەییەکی تێدایە کورد سەرۆکێکی هەبێت بەبیرکردنەوە و روانین و دنیابینی و هەڵوێست نەتەوەیی بێت ( هەر هیچ نەبێت خۆی بە موڵکی کۆی کۆمەڵگە بزانێت نەك حزب) ؟

ٍمن پێم وایە لەم هەلومەرجە سیاسییەی ئەمڕۆدا بۆ ئەوەی کورد دامەزراوە یاساییەکان و ئیدارییەکانی پتەوتر بکات ..یەکڕیزی شەقامی کوردی لەسەر ئاستی کوردستان بە جیاوازی ئینتماکانیان زامن و بەرجەستە بکات.. هەروەها ببێتە خاوەنی سیمبولێکی نەتەوەیی ...تاکو بتوانێ لەسەر ئاستی عیراقدا رووبەڕووی دەرەنجامەکانی کۆی شەڕ و هاوکێشەکان ببێتەوە ... جیا لە حزب و پەرلەمان ، بێجگە لە حکومەت و دامەزراوەی مەدەنی ، پێویستی بە رابەرێکیش هەیە کە لەسەر ئاستی نەتەوەییدا نوێنەرایەتی بکات . سەرۆکێك بتوانێ متمانەی زۆرینەی زۆری خەڵك بەدەست بهێنێ و جێ بڕوای هێز و لایەن و گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بێت و ئامادەیی و توانا و لێهاتوویی ئەوەی پێدابێت بەسەوڵی حەکیمانەی خۆی کەشتی دۆزی کورد بگەیەنێت کەناری ئارامی . ئیدی کورد نابێت نەك هەر لە لەدایکبوونی سەرۆك بترسێ ، بەڵکو گەرەکە بە کۆی نێوەند و پێکهاتەکان بەشداربێت بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ئەو هێزە مەعنەوی و سیمبولە سیاسییە.

گللەییەك کە لێرەدا دەیکەین ئەوەیە ، بەداخەوە لە کاتی رەخنەگرتنمکان لە ئەزموونی سیاسی کوردستان و دەسەڵاتی کورد ، لە خوێندنەوەی لایەنەنێگەتیفەکان کوردستان بە سیستمەکانی ناوچەکە و لەلایەنە پۆزەتیفەکانیش لەگەڵ

سیستمەکانی خۆرئاوا و دنیای پێشکەوتوو بەراورد دەکەین ، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە رەخنەکانمان راستن و لە بایەخی ئەزموون و دەسەلآت و کایەی سیاسی خۆمان کەم بکەینەوە.

لەوەتەی دەنگۆی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم هاتۆتە گۆڕێ و تا ئێستاش کە خەریکە سوێندی یاسایی بخوات ، قسە و باسی زۆر و بەئاراستەی جیاواز لەبارەوە کراوە وخوێندنەوەی هەمەچەشنەی بۆ کراوە کە هەر یەکەیان بەرهەمی دنیابینییەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسیین ، کە من ئەم دیاردەیە زۆر بەئاساییتێدەگەم ، واتە ئاساییە هەر کەسێك ، بگرە پێویستە هەر تاکێکی کوردستان وتوێژ لەسەر خاڵ بەخاڵی بڕگە و ماددەکانی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بکات و تێبینی لەسەر جۆر و ماوە و باکگراوندی سەرۆك هەبێت ، تا بەم تێبینی و سەرنجانەی خۆی بەشداربێت لە دەوڵەمەندکردنی پرۆژە یاساییەکە و گەلآڵەکردنی یاساسەکی دیموکراسی و شارستانی ، بەڵآم حوکمدانی پێشوەختە ورەها بەپێوانەی سیاسی و لە پشتی چاویلکەی تاریك و رەشی ئایدیۆلۆژی گوزارشتە لە هەژاری مەعریفی و کەم ئەزموونی وکاڵفامی.

لەم روانگەیەوە دەبێ ئەوە بگوترێ هەرکەس کە دەبێتە سەرۆك ، یان خۆی کاندید دەکات مەرج نییە لەناخیدا رۆحێکی شەڕانگێزی و مەیلی دیکتاتۆریانە حەزی پاوانخوازی هەبێت ، بەتایبەتی کاتێك ئەو راستییە بێنینە بەرچاومان کە ئەو مەیلانە زادە و بەرهەمی ژینگەی کۆمەڵآیەتی و پەروەردەی سیاسی و باکگراوندی ئایدیۆلۆژی ناسراون..کوردیش کە ئەزموونێکی دوور و درێژی لەگەڵ زوڵم و ستەمی دیکتاتۆرەکاندا هەیە، ئاسان نییە هەروا بیر لە بەرهەمهێنانەوەی هەمان کلتور بکاتەوە ، بەتایبەتی کەسێك کە بۆ خۆی بەشێك بووبێت لە قوربانییەکانی دیکتاتۆریەت و کوڕی شۆڕش و خەبات بووبێت . دواتر بەرامبەر کێ و لەسەر کێ ببێتە دیکتاتۆر ؟ بۆ دەبێ لە کۆی ئەزموونەکانی دنیا تەنها ناشیرینەکان ببینین؟ بۆ تەنها وێنەکانی ( هیتلەر و مۆسۆلینی و ستالین و سەدام و ...هتد) لەم چرکەساتانەدا بەبەرچاوی خەیاڵماندا بێن و کۆمەڵگاکەمانی پێ زراوتۆقیو بکەین؟ بۆ وێنەکانی (ماندێلا و غاندی و....هتد) نەهێنینە بەرچاومان و بەیەکەوە بەشداربین لە بەرهەمهێنانی ئەو سەرکردەو کەسایەتییانە؟

کورد بەدرێژای مێژووی تێکۆشانی سیاسی خۆی تاکە شتێك کە زیانی پێگەیاندووە و کەمتر قسەی لەسەر کراوە ، نەبوونی سەرۆکێکی نەتەوەیی و سیمبولێکی سیاسی بووە کە دواجار کۆی تواناکانی نەتەوەی یەکخستبێت و رووەو ئاسۆی رزگاری نیشتمانی و نەتەوەیی ئاراستە کردبێت و ، شێوەی چەترێك باوەشی بەسەر کۆمەڵگادا کردبێت بە کۆی جیاوازییەکانی...بۆشایی نائامادەگی و نەبوونی سەرۆك بۆخۆی کێشەیەکە کە بزوتتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بەدەستییەوە ناڵآندوویەتی و دەناڵێنێ.

بەبۆچوونی من بۆ قۆناغی ئەمرۆی کورد ، تاکو بتوانێ لە ئاستی روداوەکاندا بێت و ئیرادەی ئەوەی هەبێت رووبەڕووی مەترسییەکان ببێتەوە لەسەر ئاستی عیراقدا لەبەرامبەر هەڕەشە و هەژموونی ( نەتەوەیی — مەزهەبی) عەرەبی ، بۆ ئەوەی کۆی هێز و توانا سیاسییەکانی یەك بخات و لە پێشهاتە چارەنووسسازەکاندا خاوەنی بڕیاری یەکلاکەرەوە بێت ، پێویستی بەسەرۆکێکی هێمن و وردبین و بوێر هەیە ، سەرۆکێك خۆی بەهەڵگری خەم و ئازاری زامەکانی نیشتمان و نەتەوە بزانێت...سەرۆکێك قاڵبوی تێکۆشان سیاسی بێت و بتوانێت لە هاوکێشەی ململانێ سیاسییە ئاڵۆزەکاندا زۆرترینی ئامانجە ستراتیژییەکان دەستەبەر بکات.

ئەمرۆ کە بەڕێز ( مەسعود بارزانی) دەبێتە سەرۆکی هەرێم و لەناو هۆڵی پەرلەمان و لەبەردەم خەڵکی کوردستان و ویژدانی خۆیدا سوێندی یاسایی دەخوات، بۆ تەواوی کورد لەم قۆناغەدا دەسکەوتێکی گرنگە... گرنگە چونکە

ئاماژەیەکە بۆ نەمانی میکرۆبی ململانێی سیاسی تەسك و ناشەریفانە...کۆتایی هاتنە بە سەنگەرگری ئایدیۆلۆژی تاریك و کورتبین ... سەرەتا و وێستگەیەکی روونە بۆ یەك گوتار و هەڵوێستی سیاسی کورد ... هێمایە بۆ رسکانەوەی سەرلەنوێی رەگەکانی متمانەی سیاسی لە نێوان هێزەکانی کۆمەڵگا و چرۆکردنی داری تەبایی و بەیەکەوەژیانی یەکجارەکی....بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئیدی پردەکانی متمانە و ئاشتەوایی سیاسی – کۆمەلأیەتی نێوان خەڵك و کایەی سیاسی و دەسەلأتی کوردی پتەوتر دەبن.

بوونی ( بارزانی) بە سەرۆکی هەرێم وەك ئەوەی شوناسێکی مەزن و جیاواز لەوەی پێشتری پێدەدات، هاوکات رووبەرووی ئەرك و بەرپرسیاری نویٚ و گرنگی نیشتمانی – نەتەوەیی تری دەکاتەوە لەسەر هەردوو ئاستی کوردستان و عیراقدا ، کە پێویست دەکات کۆمەڵگای کوردی بە کۆی پێکهات و نێوەندەکانی هاوکاری بێت و پشتیوانی لێبکات..ئیتر کەتا دوێنیٚ سەرۆکی (پارتی ) بوو، کە ئەمڕۆ دەبێتە سەرۆکی هەرێم بە جیاوازی ئینتمای (ئەتنی – مەزهەبی – سیاسی) ،بێگومان مانایەکی تر دەبەخشێتە کەسایەتی ئەو بەڕێزە...ئەگەرچی گومان لە توانا ولێهاتوویی و دڵسۆزی ئەو سەرکردە سیاسییە ناکرێت لەوەی نەك تەنها لەئاست لێٌپرسراوێتی قۆناغەکەدا دەبێت، بەڵکو چاوەڕێی کارو هەنگاوی باشتر و زیاتری لەوەی لەسەر شانییەتی لێی دەکرێت...بەلأم بۆ بەردەوامی دان بەو متمانەیەی خەڵکی کوردستان و هێزو لایەنە سیاسییەکانی ، بۆ سەرخستنی کارو هەنگاوەکانی ، لە پێناو پێکانی هەموو ئەو ئامانجە سیاسی و نەتەوەییە هەنوکەیی و ستراتیژییانەی بۆی دەستبەکار دەبێت ، پێویستە سەرۆکی کورد و تورکمان و کلدۆئاشوری ....موسڵمان و مەسیحی و ئێزێدی ....سور وشین و مۆر و سەوز و زەردی ئەم نیشتمانە بێت، بەرامبەر خەون و خولیای هەموویان خەمخۆر بێت ، لەبەرامبەریشدا هەموو ئەوانە هاوکار و پاڵپشت و هاوهەڵوێستی بن لە هەنگاوەکاندا...بەو ئومێدەی هەوڵ وشەونخونی سەرۆك و دامەزراوەکانی تری کوردستان ( پەرلەمان و حکومەت – حزب و لایەنە سیاسییەکان – رێکخراوە دیموکراسی و نێوەندە رۆشنبیرییەکان) دەستەبەرکردنی مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی تری کورد بێت لە گەڕاندنەوەی کەرکوك و ناوچە تەعریبکراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی سنوری جوگرافی کوردستان ، بە داخوازییە رەوایەکەی بزوتنەوەی ریفراندۆمیشەوە.